جوانترین وێنەی ساڵی ٢٠٠٩

لەمیانەی ئاهەنگێکی ساڵانەی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە کوالامبۆر رێکیخستبوو تێیدا جوانترینو سەرنجڕاکێشترین وێنەی ساڵی ٢٠٠٩ دەستنیشان کرا.

ئەم وێنەیە بە یەکێك لە جوانترین وێنە هەڵبژێردراوەکانی ساڵی ٢٠٠٩ دەرچوو، کە تێیدا دوو کچ لەم وێنەیە دەردەکەون (نور ئنسیار محەممەد (لای راستی وێنەکە) داوا لە هاوڕێیەکەی مەیسەرە عەبدولعەزیز دەکات ئاخۆ سوراوی لێوی دروستە یاخود نا.

بووکی زیندوو و زاوای مردوو

دوای ئەوەی کچێك لەگەڵ کوڕێکدا لەپەیوەندی خۆشەویستی گەورە دەبن، دواتر کوڕەکە بەکارساتێکی مۆتۆرسکێل (٢) رۆژ پێش ئاهەنگ گێرانی هاوسەری دەمرێت. خانمە بووکەکەش لەسەر ئاهەنگی خۆی بەردەوام دەبێ، بۆیە دوای مردنی خۆشەویستەکەی واتە زاوا، کچەکە ئاهەنگی بووکێنی سازدا لەگەڵ وێنەیەکی کوڕەکە.

ئەم حاڵەتە لەولاتی فەڕەنسا رووبداوەو لەکاتی ئاهەنگەکەدا بە ئامادەبوونی بنەماڵەی کچەکەو کوڕەکە بەشداری دەکەن لەئاهەنگی بە بووکو بێ زاوا، یان زاوای وێنە! ئەمەو وێنەیەکی کوڕەکە لەنزیك کێکی ئاهەنگ دانرابوو بە مانای ئامادەبوونی لەئاهەنگەکە.

حەیرانێك بەیادی جاران

هونەرمەندی لاو (عیماد جەوهەر):

ئاستی میوزیك ژەنین لەمەخموور زۆر لاوازە

کارزان غەمگین

عیماد جەوهەر تەها لەساڵی ١٩٩١ لەمەخموور لەدایکبووە، لەساڵی ٢٠٠٥ هاتووەتە نێو دونیای هونەر، هەر لەمنداڵیەوە حەزێکی تایبەتی هەبووە کە چەندەها شەو خەونی پێوە بینیوە، بۆیە هەر ئەمەش وای لێ دەکات بێتە نێو دونیای هونەرو جگە لەئامێری ئۆرگ ئامێری (ئۆکۆردیۆن)یش دەزانێ بژەنێ، یەکەم هاندەری ماڵەوەیان بووەو دووەمیش خەڵکو جەماوەر هاندەرێك بوون بۆی چونکە هاندانی ئەوانە بوو بەپاڵنەرێك بۆ ئەوەی زیاتر لەو کارە بچێتە پێشو پەرە بەخۆی بدات.

عیماد جەوهەر لەگەڵ زۆر لەهونەرمەندان وەکوو سروود حاتمو خۆشەوی عەزیزو ئەحمەد زەمانەو ئەرسەلان کاروانیو سالار نەورۆزو سلێمان قەرەچوغی ئەیوب محەمەد مەخمووریو کامل ئیبراهیمو سیروان زیرەك و رزگار ئەمیر کاری هونەری کردووە. سەبارەت بە کاری ئاوازدانان دەڵێت "لەبەر ئەوەی لەدەقەرەکەمان ئاوازدانەری باش هەیە وەکو مامۆستا جەمیل سنجاویو موحسین عوسمانو سالار نەورۆزو کامل ئیبراهیمو زۆری تریش من بیرم لەئاوازدانان نەکردۆتەوە چونکە ئەوان توانیویانە ئەم بۆشاییە پڕ بکەنەوە".

کاری دابەشکردنی مۆسیقای بۆ چەند هونەرمەندێك کردووە وەکو سالار نەورۆز، ئەیوب محەمەد، کامل ئیبراهیم، رزگار ئەمیر، سیروان زیرەك، سەبارەت بەئاستی میوزیك ژەنانی مەخموور عیماد جەوهەر پێی وایە "بەداخەوە لەمەخموور ئاستی میوزیك ژەنان زۆر لاوازە بۆ نموونە ئێستا ئێمە کە لەستۆدیۆ کاردەکەین هەندێك کەس لەدەرەوە پێمان دەڵێن: بۆچی ئەوگۆرانییانەی تۆماردەکەن تەنها بەیەك (ئۆرگ)و جارجاریش سازەکەی کاك ریاز سەدیقی لەگەڵە؟ لەوەڵامدا دەڵێم ئەمجارەش بەداخەوە لەبەرئەوەی تائێستا کەمان ژەنێکمان نیە کەبتوانێ لەستۆدیۆ سێت کەمانێك دابنێ، جگە لەمەش کەمووکوڕیان لەمیوزیك ژەن هەیە، هەندێ میوزیك ژەنی باشمان هەیە وەکو مامۆستا جەمیل سنجاویو ریاز سدیق..، بەڵام بۆ میوزیك ژەنی تر دەبێ بچین لەستۆیۆیەکانی هەولێر بیانهێنین بۆ ئەوەی سۆلۆ بۆ هونەرمەندەکانمان دابنێ.

دوای ئەوەی عیماد جەوهەر دەبێتە بەرپرسی بەشی دارایی دەستەی کارگێری تیپی خونچەکانو لەگەڵ ئەو تیپە چەند چالاکیەك ئەنجام دەدات وەکو دەڵێت "هەرچەندە ئێمە ماوەی دوو مانگ دەبێت ئەم تیپەمان وەرگرتووە، بەڵام لەم ماوە کورتە یەکەم هەنگاومان ئەوەبوو کە کۆمەڵێك منداڵ فێری ئامێرەکان بکەینو تیپێك دابمەزرێنین، بەڵام ئێستاشی لەگەڵ دابێت دەچینە لای هەرقوتابیەك داوا لەهەر قوتابییەك دەکەین کە بێت سەردانمان بکات، بەڵام دیارە چالاکی قوتابخانەکان رێگری ئەم قوتابیانەن کە بەداخەوە نەیانهێشتووە سەردانمان بکەن.

ماجد مەخمووری (ئێوارە یاد) بلاۆدەکاتەوە

دوای چاپکردنی دوو رۆمانو بلاۆکردنەوەی سیدییەکی شیعریی لەماوەی رابردوودا، هۆزانڤانو رۆماننووسی لاو (ماجد مەخمووری) لەبەرهەمێکی دیکەی شیعرییدا کە لەچوارچێوەی سیدییەکدا بلاۆیکردۆتەوە، بەدەنگی خۆی کۆمەڵێك هەڵبەستی بەناونیشانی (ئێوارە یاد) بەهەستێکی ناسکەوە بەگوێی هەوادارانی شیعر دەچرپێنێ، ئەم بەرهەمە لەبلاۆکراوەکانی (سەنتەری رۆتانای نوێ)یە لەمەخموور، بەناوی ستافی رۆژنامەی (دەنگی مەخموور) وێڕای پیرۆزبایان هیوای هەمیشە بەردەوامیو سەرکەوتن بۆ ماجید مەخمووری دەخوازین.

هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتانی سی ساڵ باشترن لەبیست ساڵە

ئاژانسی پەیامنێر

زۆربەی کوڕان حەز دەکەن ئەو کچانە بکەنە هاوبەشی ژیانیان، کە تەمەنیان ٢٠ ساڵانە، بەڵام توێژینەوەیەکی نوێی زانستی دەریخستووە، ئافرەتانی تەمەن ٣٠ ساڵان، زیرەك ترو جوان ترن.

توێژینەوەیەکی نوێی ئەمەریکایی ئاشکرایکردووە، هەرچەندە کچانی تەمەن ٢٠ ساڵان زۆرترین داواکاریان لەسەرە، بەڵام ئافرەتانی ٣٠ ساڵان زیرەك ترنو باشتر لەداواکاری هاوسەرەکانیان تێدەگەن. توێژینەوەکە روونیکردۆتەوە، بە بەراورد لەگەڵ ئافرەتانی ٢٠ ساڵان، ئافرەتانی ٣٠ ساڵان وابەستەترن بە پیاوانەوە، دڵپاکترو زیرەکیشن لەهەڵبژاردنی هاوسەردا، لەداواکاری مێردەکانیان لەرووی سۆزداریو سێکسییەوە باشتر تێدەگەن.

توێژینەوەکە ئاماژەیداوە، ئافرەتانی تەمەن ٣٠ ساڵان زۆر بە وردییەوە هاوسەری پیاوێك هەڵدەبژێرنو دەیکەنە هاوبەشی ژیانیان، ئەمەش تەواو پێچەوانەی ئافرەتانی تەمەن ٢٠ ساڵانە، کە تەنیا لەرووی سۆزدارییەوە بایەخ بە هاوسەرەکانیان دەدەن.

وێنەی کۆلانێکی گەڕەکی فەرمانبەران لە مەخموور کە ماوەی (٣) مانگە چاك نەکراوەتەوە

(فۆتۆ/ دەنگی مەخموور)

والاۆ

خەلیل پلاۆنی

منداڵە سەرمابردووەکانی مەخموورو سۆپا پڕ نەوتەکانی دەسەلات

کاتێك رەخنە ئاراستەی ئیدارە دەکەیت، مەبەست لێی دژایەتی کردنو ناشیرینکردنو رشکردنەوەی نییە، بەڵکو لەوانەیە بەزمانێکی جیا لە زمانی تاقمو پێوەندەکانی دەسەلات کەموکوڕیو پێویستییە سەرەتاییەکانی ژیانو گوزەرانی خەڵك بۆ دەسەلات بخرێتەروو، لەهەمانکات ئاگاداركردنەوەیەکی دەسەلاتیش بێ بەو ئێشو ئازارو مەینەتیەی کە خەڵك دەیچێژن، چونکە دەسەلاتداران لەودیوی بەردەکانەوە خۆیان هەشارداوەو تا خۆیان پێویستیان بە خەڵك نەبێت ئەوا لێیان ناپێچنەوەو تەنانەت ئامادەش نین گوێیان لە ناڵەناڵو بۆڵەبۆڵی ئەو خەڵکەش بێ، بەڵام کاتێك هەڵبژاردن دێتە پێشەوە ئەوا ئەوکات دەرفەت گونجاوە بۆ نیشاندانی رووەکەی دووەمو وات لێدێت پەشیمان بێتەوە کە بڵێیت ئەمانە مرۆڤن، بەڵکو فریشتەنە فریشتە.

پسولەی خۆراکی چواردە هەزار خێزانی ئاوارەی مەخموورو قەراجو کەندێناوەو گوێڕ گواستراوەو لەسەر پارێزگای هەولێر بۆ سەر پارێزگای موسڵ، هەروەکو مەمەی خافلاندنیش دووسێ هەزار چەکی ئەو ئاوارانە گەڕایەوەو ئەوانیتریش لەچاوەڕوانیەکی نادیاردا تووشی دڵەراوکێ بوون، دوای گەڕاندنەوەی پسولەی خۆراکی ئەو هەموو خەڵکە، چاوەڕوان دەکرا رێگەچارەی باش بگیرێتەبەر بۆ گەڕاندنەوەیان بۆ سەر زێدی خۆیانو قەرەبووکردنەوەیان بە زووترین کات، بەڵام بەداخەوە ئەمڕۆ ئەو خەڵکەی کە ماڵی هێناوەتەوەو گەڕاوەتەوە سەر زێدی خۆیو ئەویتریش کە هەر لەهەولێرو دەوروبەریدان وان لەماڵێکی بێ نەوتو لەخاکێکی پڕنەوتدا، لەنێو چوار دیواری ژوورێکی ساردو سڕدا بەدەم ئەگەری وەرگرتنی نەوت شەوو رۆژ دەخەنە سەر یەك و بەرپرسانیش بەزەقەی چاویان تانکەری نەوت لەخاکەکەیو لەشوێنی تریش بە شەقامەکەیدا تێدەپەڕێننو بازرگانی پێوە دەکەن.

ئەگەریش بەرپرسانی حیزبیو حکومی داوای پشوو درێژی لەخەڵکەکەو زمان درێژنەکردنی رۆژنامەنووس دەکەن بەرامبەر بە دەسەلات، بەڵام ئەم چواردەهەزار خێزانە هەر هەمووی دەست رۆیشتوو نێنو ئەوا نزیکە لە نێوەڕاستی وەرزی زستانی ساردو سۆڵدا نزیك دەبینەوەو تا ئێستاش نەوت دابین نەکراوە، ئەگەر وا بڕواتو بتوانین مانگێکی تر ئارام بگرین، بۆ ئەوەی حزبی دەسەلاتدارو ئیدارەکەمان لێمان زویر نەبن، ئەوا بە تکا داواتان لێدەکەین ئاگاداری ماڵ و منداڵی ئەو خەڵکە هەژارو کەمدەرامەتە نین کە خێزانەکانیان ناتوانن بەرمیلێك نەوت بکڕنو هەر لەسەرەتای ئێوارەوە خۆیان لەنێو بەتانیدا حەشار دەدەنو منداڵی ئێوەیش هەریەکەو سۆپایەکیان بۆ دادەگیرسێنرێ.

توخوا دادپەروەرییە ئێوە سۆپاکانتان پڕ نەوت بێتو منداڵانی ئاوارەی مەخموورو دەوروبەریشی سەرمابردووبن.